www.kurdistannet.org
08/01/2003 15:15

الاتحاد العام للاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

## نامەیەکی سەر ئاوەلا بۆ بەڕێز دۆنێر، وەزیری دادی هۆڵەند !

ڕێزدار بابەتیك کە لێرەدا دەیخەینە ڕوو لە ڕواڵەتدا پەیوەندی بە چارەنووسی ئینسانێکەوە هەیە کە بەشێك لە ژیانی لە حالەتی چاوەروانێدا بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری لە هۆلند بەسەر بردوە. ئینسانێك کە سەرباری ئەوەی بەهۆی نا ئەمنی ژیانیەوە ناچار بە ڕوو کردوتە هەندەران بووە، هەروەها ئەگەر پیوانەیەکی ئینسانی لەبەرچاو بگرین ئەوا دەکرێت بە حوکمی زیاتر لە پینج ساڵ لە چاوەڕوانی بەسەر بردنی لە وەها ژیانێکی نا ئینسانیدا، دەکراو دەبوو مافی پەنابەری بە ڕەسمیيەت بناسرایە !

حیدر تاهیر هەورامی کە پەنابەرێکی سیاسی یە ژمارەی کەیس 9712.08-2163 پێنج ساڵ لەمەوبەر هاتووە تە هۆڵندو داوای ماڤ پەنابەری کردوە، بەلام پاش بەسەر بردنی ئەو ماوە دورودرێژە ماوەیەك لەمەوبەر وەلامی ڕەدکردنەوە وەردەگرێتەوە.

ئایا بەڕێزتان وەك وەزیری دادی هۆلند هیچ سیمایەکی دادپەروەری لە وەها بڕیارێکدا بەدی دەکەن؟ ئایا دەکرێت ئاماژە بە تەنها یاسایەکی نیونەتەوەی بکەن کەپەنابەرێك بۆماوەی زیاتر لەسال لەچاوەرانیدا بهیلرێتەوەو سەرئەنجام وەلامی ڕەفزی پێ بدرێتەوە؟

ڕەفزکردنەوەی حەیدەرو پەنابەرانی تری وەك ئەو لەکاتێکدایە کە ناڵەو زرمەی تۆپ باران کردنی عیراق لەڕەگی مل نزیکترە، وە هاوکات بڕیار وایە کوردستانی عیراق بکرێتە مەیدانێکی تری شەڕی دژ بە عیراق دیارە لەم بارەوە حکومەتەکەی بەڕێزیشتان بەهەر تێبینیيەکەوە ئەمرۆ سبەی پشتگیری خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ هێرش کردنە سەر عیراق. هەر لێرەشدا جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو، کاتێك کە حکومەتەکەی ئێوە (( ئۆکەی)) دەکات بۆ لێدانی عیراق، ئایا چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە لەپەیوەند بە ژیان وچارەنووسی هەڵواسراوی ئەو هەزاران پەنابەرەی کە لەم ناوچەیەوە هاتوون؟ کێ دەتوانیت شان لەو ڕاستیيە خالی بکاتەوە کەئەم پەنابەرانە بەشێکن لەو لەشکرەی کەبەهۆی نەبوونی ئەمنيیەت و وەحشیگەری زیاتر لەسێ دەهە دەستەلاتداریەتی حکومەتیکەوە بووە کە کوشتار، اعدام، وێرانکاری، کیمیای باران، ئەنفال،... گۆشەیەك لەکارنامەکەی بووە. ئایا لەڕوانگەی بەڕێزتانەوە کاتی ئەوە نەهاتووە کە پەنابەران، واتە قوربانیانی ئەم شەڕومال ویرانیانە لە لە مافی پەنابەری بەهرمەند بکەن؟

بەڕێز دۆنێر هەقیقەتەت ئەوەیە کە لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەهۆی مامەڵەو سیاسەتی ڕەسمی حکومەتی هۆلندەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران دووچاری تراژیدیای خۆکوشتن و نائەمنی بوون و ژمارەیەکیتریش سەرباری بێ بەش کردنیان لە ماڤ پەنابەری تەنانەت لە زۆرێك لەماف وبیمە و خزمەتگوزاريیە ئینسانی بێبەش کراون، نەك هەر ئەمانە بەڵکو کار بەو جێیە گەشتووە کە پاش بڕینی هەموو ئیمکاناتەکان سەدان خیزانی پەنابەر بە ژن ومندالانی شیرە خۆرەوە لە ژوری نێو کەمپەکانەوە فڕێ بدەنە سەر شەقامە گشتیيەکان، ئایا بەڕاستی ئەمە سەندنەوەی مافی ژیان و سەربڕینی ئەم ئینسانانە نیيە بە لۆکە؟

درێژەی ئەم سیاسەتەو داخستنی هەموو دەروازەکان بەڕووی پەنابەران و دەرکردنیان لە کەمپ وفڕێدانە سەرچادەکان و ناچار کردنیان بە رووکردنە ولاتانی تری ئەوروپا لە ڕێگەی نایاسای یەوە، کە سبەینی گەشتە ولاتی تازە ئەم کەسانە بە پەنابەرانی نایاسای ناوزەد دەکرێن، بەلام ئایا بەکردەوە ئەم کارە نایاسايیە بەرهەمی سیاسەتی نەخشە بۆ کێشراوی حکومەتی هۆلند نیيە؟

ناردنی ئەم نامەیە بۆ بەڕێزتان بەو هیوایەیە کە جارێکی تر چاوێك بخشێنەوە بە فایلی حیدەرو هەموو پەنابەرانی کوردو عیراقی وە ڕیگە چارەیەکی ئینسانی و عادلانەیان بۆ دابنرێت، چاوگیرانەوە بە چارەنووسی ئەم ئینسانانەو ڕزگارکردنیان لەو تراژیدیاو مەترسیانەی کە ڕۆژانە بەرۆکیان پێ دەگرێ، حکومەتی هۆلند بەهرمەند دەکات لە سڕینەوەی ناوی خۆی لە لیستی ئەو ولاتانەی کە بە دژی پەنابەری ناوزەدبوون .

چاوەڕوانی هیمەتی بەڕێزتانین.

- نسخەی ئەم نامە بۆ کۆمسیونی مافی مرڤی ئەوروپای یەکگرتوو !

ریبوار عارف

سکریتری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٦ / ١ / ٢٠٠٣

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland
fediraq@welho.com
Fax : 00 358 3 31392145